مەسرور بارزانی: لەسەر ئەجێندای حکومەت ڕێک کەوتووین لەگەڵ یەکێتیی

سەرۆک وەزیرانی هەرێمی کوردستان ڕایگەیاند لەڕێدا هێندێک بۆچوونی جیاواز هەن لەسەر پێستەکان، لەسەر ئەجێندای حکوومەت ڕێک کەوتووین، لەگەڵ یەکێتیی.

مەسرور بارزانی، سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان، لە کۆنفرانسێکی ڕۆژنامەوانیدا لەبارەی پێکهێنانی حکوومەتی نوێ، گوتی، "زۆر هەوڵمان دا بۆ ماوەیەکی زۆر نزیک حکوومەت پێک بهێنین، ئەوەی ڕاستی بێت دەمانەوێت حکوومەتێک پێک بێت کێشەی تێدا دروست نەبێت، پێنامان نەبردۆ بۆ حکوومەتی زۆرینە، ئەگەر نا، لە توانامانداە هەبوو ئەو بەیارە بدەین."

سەرۆک وەزیرانی هەرێمی کوردستان گوتیشی: "لەڕێدا هێندێک بۆچوونی جیاواز هەن لەسەر پێستەکان، لەسەر ئەجێندای حکوومەت ڕێک کەوتووین، لەگەڵ یەکێتیی بۆچوونێکی هاوبەشمان هەیە و ئێستا خەریکی ئەوەین باس لە دابەشکردنی پێستەکان دەکەین".

سەبارەت بە هەموارکردنەوەی دەستوور و ئەگەری کەمکردنەوەی دەسەڵاتەکانی هەرێمی کوردستان، سەرۆک وەزیران ئەوەی خستە ڕوو "ئەگەر دەستوور هەموار بکرێتەوە، داوای مافی زیاتر بە خەڵکی هەرێمی

کوردستان دەکەین، نەک کەمتر."